# ئەگەر یەکێکتان بانگهێشت کرا بۆ وەلیمە؛ دەبێت ئامادە بێت

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر یەکێکتان بانگهێشت کرا بۆ وەلیمە*؛ دەبێت ئامادە بێت». *(وەلیمە: ئەو خواردنەیە بەهۆی هاوسەرگیریەوە ئامادە دەکرێت وخەڵکی داوەت دەکرێت)
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: ئەگەر مسوڵمان بانگهێشت کرا بۆ ئەو خواردنەی بەهۆی هاوسەرگیرییەوە ئامادە دەکرێت کە پێی دەووترێت وەلیمە* -ئەگەر پێش یان پاش گواستنەوە بێت-؛ ئەوا دەبێت مسوڵمان وەڵامی ئەم بانگهێشتەی برای مسوڵمانی بداتەوە بۆئەوەی دڵخۆش بێت وبەشدار بێت لەم ڕۆژە خۆشەی ژیانی براکەیدا، وزۆرینەی زانایان دەڵێن: وەڵامدانەوەی ئەم داوەتکردنە واجبە چونکە لە فەرموودەی تردا هاتووە، ئەو کەسەی وەڵامی ئەم بانگهێشتە بۆ وەلیمە ناداتەوە کەسێکە سەرپێچی فەرمانی خوای گەورە وپێغەمبەری کردووە -صلى الله عليه وسلم، وئەم جۆرە هەڕەشەیە دەکرێت ئەگەر کارەکە وازهێنان بێت لە واجبێک. *(وەلیمە: ئەو خواردنەیە بەهۆی هاوسەرگیریەوە ئامادە دەکرێت وخەڵکی داوەت دەکرێت)

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58112